# ڕاپۆرتێک لەسەرئێوارەکۆڕی دەشتی جەمال لە نۆتینگهام

## *تێکۆشان لەپێناو بەرگرتن بە سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردی عێراقی*

ڕۆژی هەینی بەرواری 07/03/23 فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە ژێر ناونیشانی تێکۆشان لە پێناو بەرگرتن بە دیپۆرتی پەنابەرانی کورد کۆڕێکی بۆ دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆن سازدا، کۆبوونەوەکە لە مەڵبەندی پەنابەران (ڕەفیوجی فۆرم) لە نۆتینگهام کاتژمێر 6 تا 8:30 ی ئێوارە بەڕێوەچوو. جاسم غفور بەرپرسی فیدراسیۆن لە نۆتینگهام کۆرەکەی بەڕێوەبرد.




دەشتی جەمال لە باسەکەیدا دوا گۆڕانکاریەکانی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی دەوڵەتی بەریتانیاو بەرەنجامی سەردانەکەی بۆکوردستان و دانیشتنی لەگەڵ بەرپرسی UNHCR بۆکاروباری عێراق لە جنێڤ ڕوونکردەوە،

پاشان بە ووردی هۆکارەکانی ڕووتێکردنی بەردەوامی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بۆ وولاتانی دەوروبەرو ئەوروپای ڕوونکردەوە کە چۆن نەبوونی ئازادی ، سە رکوت، نائەمنی و بیرۆکراسیەتی ئەحزابی دەسەڵاتدار خەڵکی ناچارکردوە کە بەڵێشاو کوردستان بەجێبهێڵن و سنووری پڕمەترسی وولاتان ببڕن کە بەسەدان پەنابەر لە ڕێگادا گیانیان لەدەستداو بە ئاواتی ژیانی سەلامەت و ئەمن نەگەیشتن، بەڵام تا ئێستاش سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە دژایەتی ئەوخەڵکە لە کوردستان و ئەوروپا نەگۆڕاوەو نایەوێت بەشێوەیەکی ڕەسمی بەر بە ناردنەوەی پەنابەران بگرێت و درێژە بە ڕێکەوتنامەی ژێربەژێریان لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا دەدات.

لە بەشی دووەمی کۆڕەکەدا بەشداربوان بە سەرنج و پرسیار کۆڕەکەیان دەوڵەماندتر کرد.

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەو دەنگۆیەی کە گوایا حکومەتی هەرێم هیچ بەندوبەستێکی لەگەڵ دەوڵەتی بەریتانیا نیەو پەرلەمانی کوردستانیش لەم دواییانە بڕیاری داوە کە چیتر پەنابەران وەرنەگرێتەوە، دەشتی جەمال ڕوونی کردەوە کە ئەمە تا ئێستا وەک بڕیارێک لە ئاستێکی ڕەسمیدا ڕانەگەیەنراوە تەنها لە وەڵام بەو فشارە زۆرەی کە دەرەنجامی چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و نارەزایەتی زۆری پەنابەران و کەسوکاریان لەسەریان ناچار بوون دوای چەندین ساڵ لە بێدەنگی لە پەرلەماندا تەنها قسەوباسی لەسەربکرێت، لە وەڵام بەپرسیارێکی تر دەربارەی قانونیەتی سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا و کاریگەری ئەم سیسەتە لەسەر وولاتانی ئەوروپی تر ووتی کە ئەم سیاسەتە بە ئاشکرا پێشێلکردن وشکاندنی هەموو ئەو بەڵێننامەو یاساییە نێودەوڵەتیانەیە کە ئەم وولاتانە مۆریان کردووە و بە ئەنجام دانی ئەم سیاسەتە پێشیلی سەرەتاییترین مەفەکانی مرۆڤە بۆ

خۆڕزگارکردن له هەلومەرجی ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەربۆیە فیدراسیۆن بە ڕەسمی دەربارەی ئەم پێشێکاریانە لە پەرلەمانی ئەوروپی داوای یاسایی لەسەر دەوڵەتی بەریتانیا تۆمارکردووە. لە کۆتایی قسەکانیدا دەشتی جەمال پەنابەرانی لەوە ئاگادارکردەوە کە دەوڵەتی سیاسەتی خۆی ڕۆژبەڕۆژ توندتر دەکاتەوەو ئەو بێدەنگیەی ئێستا تەنها بۆ ئەوەیە کە پەنابەران بۆ ماوەیەک بێدەنگ بکات تا فرسەتێکی تر بڕەخسێنێت بۆ تەوژمێکی تر لە گرتن و دیپۆرتکردنەوە.، وە ئەگەر پەنابەران ئاگادارنەبن و هێزی خۆیان یەکگرتوو نەکەن ئەوا دەوڵەت ئەوسیاسەتەی دەباتەپێشەوەو لە ئەنجامدا پەنابەران و هاوکات ئەو هەزاران خێزانە زەرەرمەند دەبن و یەکێک لە سەرچاوەکانی داهات و بژێویان کوێردەکرێتەوە.

**جاسم غفور**

**نۆتینگهام 07/03/25**